

# بێ دەنگی .. هۆنراوەی شاڵاو

**هەتا کەی وا بە بێ دەنگی**
**ڕادەمینێی**
**هیچ ووشەیەک نادرکێنی**
**منیش خوڵیای بێ دەنگی تۆم ..**
**وەکو دەریا هێمن دەڕۆی**
**شەپۆڵ نیە پێت بزانێ**
**منیش شەیدای هێمنی تۆم**
**تۆ ئەوکەسەی**
**هەموو ڕۆژێ دێیتە ماڵی**
**دڵی تەنیام**
**سەردەکەیتە ڕۆژژمێری**
**یەکەیەکەی ڕۆژەکانی**
**هەلوەریوی**
**پایز ئاسام ..**
**چی ڕابردووی تاڵی تەمەن**
**لەبالأی من بەدی دەکەی**
**لەگەڵ خۆتدا ڕۆژانە دێ ی**
**هەمووی دەبەی ..**

shallaw1@hotmail.com